سودانی: حکومەتی فیدراڵی عیراق تەواو هەوڵی خۆی دەخاتەگەڕ بۆ هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم

ئەمڕۆ دووشەممە 17ی ئاداری 2025، محەمەد شیاع سودانی سە ڕۆک وەزیرانی عێراق، دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ ئالپ ئەرسلان بایراکتار وەزیری وزە و سامانە سروشتییەکانی تورکیا،دەنیای دەدات تەواوی هەوڵیان داوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەناردە نەکردنەوەی نەوتی هەرێم و گووتی لەگەڵ کەمپانیا بیانییەکان لە گفتوگۆداین بۆ هەناردەکردنەوەی نەوت و کێشەکان بۆ زووترین کات چارەسەر دەکرێت.

ئەم لەدوانەی سودانی لە میانەی کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ وەزیری وزەو سەرچاوە سروشتییەکانی تورکیا هات کە تیایدا چەند دەسیەکی گرنگیان تاوتوێ کرد لەوانە:

1- بەهێزکردنی هاوکاری هاوبەش لەگەڵ کەمپانیا تورکییەکان لە بوارە جیاجیاکاندا.

2- هەمەجەرکردنی سەرچاوەکانی وزە و زیادکردنی هاوردەکردنی کارەبا.

3- پێژەی ڕەگای ستراتیژی گەشەپەدان کە بەدرفەتەکی گەورەی وەبەرهێنان بۆ هەردوو وڵات دادەنێت.

4- پەرەپێدانی هاوکاری لەبواری بازرگانی کردنی ئاوی عێراق.